تەوەر/ گوڵباخ بەهرامی
ژانیار سەردار قرگەیی

دەوڵەتی کوردی... خولیای لەمێژینەی گەلی کورد

ئەگەر ئاورێک لە مێژووی نەتەوەی کورد بدەینەوە بە درێژایی قۆناغە گرنگە مێژووییەکانی کورد و دیرۆکی نەتەوەیەکی خاوەن کیان و خاک و زمانی سەربەخۆ، لەگەڵ کولتوور و شارستانییەتی چەند هەزار ساڵەی پارێزراو، ئاماژەکان بۆ بوونی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکپارچەمان دەبەنەوە کە نەتەوەیەکی 40ملیۆنی لە شۆڕشدا، بۆ دەستەبەرکردنی هەوڵی داوەو بەردەوامیشە. هەرچەندە کوردستان لەگەڵ دیموکراسییەتی سیاسی و پلۆرالیزمی نەتەوەییدا توانیویەتی بەشێک لە دیسکۆرسی سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکگرتووی کوردی لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا بچەسپێنێت، بەڵام بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی مەودای زۆری لەبەرە. دەبینین کە لە رەوتی مەتریالیزمی مێژووییدا و لە ئەنجامی گۆڕانکاری، شەڕ و داگیرکاریی دوژمنانی کورد و وڵاتانی زلهێزی دەسەڵاتدار، نەتەوەی کوردی پەرتەوازە کردووەو جوگرافیا و ئیقلیمی ئەم گەلەی شێواندووە، بەڵام نەیتوانیوە شووناس و مۆرکی راستەقینەی کورد بشێوێنێت. لە هەلومەرجی ئێستادا کە هەرێمی کوردستان، هەرێمێکی فیدراڵی نەتەوەییە لە عێراقدا، پرسی پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی بە لەبەرچاوگرتنی فۆرماسیۆنی ئابووری کۆمەڵایەتی و فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و بە هەوڵی بەردەوامی سەرۆک بارزانی، بووەتە رۆژەڤی پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگەی کوردی و نێودەوڵەتی و لە هەمان کاتیشدا خاڵێکی وەرچەرخانی مێژوویی گرنگە لە گۆڕانکارییەکانی پرسی کورد بە گشتی لە هەرچوار پارچەی کوردستاندا. هەر بۆیە ئەم پرسیارانە دێنە ئاراوە کە ئایا کورد تا چەندە لە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ نزیک بووەتەوەو ئەو راستییە حاشاهەڵنەگرەی کە بووەتە بەشێک لە رۆژانەکانی سیاسەتی کوردی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، کەی و لەگەڵ چ زەمینەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، نێودەوڵەتیدا، دێتە ئاراوە! بۆ تەوەری ئەمڕۆ رۆشنبیر و پارێزەر "کامیل ژیر" بیر و بۆچوونەکانی خۆی لەم بارەوە دەخاتەڕوو...

کامیل ژیر:بوونی نەوت لە کێڵگەکانی بابەگوڕگوڕ، هۆیەک بوو بۆ ئەوەی ئینگلیز ویلایەتی مووسڵ بخاتە سەر عێراقی عەرەبی

لە ئێستادا، لە هەموو رووەکانی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، هەلێکی زێڕین و لەبارە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، بەتایبەتی کە ناوچە داگیرکراوەکان کەوتوونەتەوە دەست پێشمەرگە، عێراقیش بەکردەیی بۆتە سێ پارچە، بەغدا بوودجەو مووچەی لەکوردستان بڕیوە، بەغدا بەدەست سوننەکانەوە گیری خواردووە

راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە ئێستاو لە هەموو کاتێکدا لە واقیعەوە نزیکەو ئەبێ هەنگاوی کردەیی بۆ بنرێ، بێگومان کاتەکانیش چۆنیەک نین، کات هەیە لەکاتێکی تر باشترە، بۆ هەر هەل و کاتێکیش، ئامادەکاریی خۆی ئەوێ

خەبات: کوردستان لە دوای شەڕێکی نێوان عوسمانییەکان و سەفەوییەکان "کە بەجۆرێک لە جۆرەکان، هەمان سنووری ئێران و تورکیای ئێستا دەکەن"، کراوەتە دوو بەش، دواتریش لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کراوەتە چوار بەش، ئایا هۆکاری سەرەکی ئەم دابەشکارییەی دووەم کە بە سەرکردایەتی وڵاتانی زلهێزی جیهانی بەڕێوەچوو، بۆچی دەگەڕێتەوە؟

کامیل ژیر: دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی تورکیا، ئێران، عێراق و سوریادا، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بەپێی رێککەوتننامەی سایکس بیکۆ بوو. ئەتوانین هۆی سەرەکیی ئەو دابەشکردنەش بگێڕینەوە بۆ 3خاڵ: یەکەم: تۆڵەکردنەوەیەک بوو لەنەتەوەی کورد بەرامبەر ئەو گورزەی سەلاحەدینی ئەیوبی لە خاچپەرستانی وەشاند. نەخشەی دابەشکردنەکەش بەجۆرێکە کە کورد لە هەرکام لەو دەوڵەتانەدا ببێتە کەمینەیەک و هەر بەکەمینەیەتیش بمێنێتەوە بۆ ئەوەی نە بەشەڕو نە بەئاشتی نەتوانێ ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ. بەشەڕ ناتوانێ چونکە کەمینەیە، کە کەمینەش بوو لاوازو دەرەقەتی زۆرینەکان نایەت. بەتایبەتی زۆرینەکانی ئەو وڵاتانە جڵەوی فەرمانڕەوایی و هێزە چەکدارەکانیان بەدەستەوەیە. بەئاشتیش هەرناتوانێ چونکە لەئاستی سنوقەکانی دەنگداندا ژمارەیان کەمە. ئەوەش لەولاوە بوەستێ کە ئەو دەوڵەتە سەردەستانەی کوردستان، ئەگەر لە هەموو شتێکدا ناکۆکبن، لە لێدان و دژایەتیکردنی هەر بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی کوردیدا، یەکراو هاوکاری یەکدین چونکە رزگاری و سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان ئەبێتە مەترسی بۆ دەوڵەتەکانیتری داگیرکەری کوردستان. مەبەستێکیتری ئەو دابەشکردنەی سایکس بیکۆ، توانەوەی کەمینەی کوردە لەناو زۆرینەی تورک و فارس و عەرەبدا کە کاریگەریی ئەم لایەنەیان مەترسیدارترە لەلایەنی یەکەم! ئێستە ئەگەر ژمارەی کورد بە 40ملیۆن بخەملێنرێ لەناو ئەو نەتەوانەدا، ئەوا لە کوردستانێکی سەربەخۆدا ئەگەیشتە زیاتر لە 60ملیۆن! واتا لەماوەی سەد ساڵی رابوردوودا، بەهۆی ئەو دابەشکردنەوە، زیاتر لە 20 ملیۆن کورد لەناو گەلانی تردا تواوەتەوە! ئەمەش راستییەکە کە هەموومان هەستی پێدەکەین. وەک نموونەیەک: هەموو نەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی لە فەلەستین و ئەردەن و میسرو سوودانـدا توانەوە! ئەوانە هەمووی ئەنجامی پیلان و نەخشەی سایکس بیکۆیە کە تا ئەم چرکەساتە کاریگەرێتیی ماوەو ئەبێ نەتەوەی کورد لێی بەئاگابێ و هوشیارانە ئەو نەخشەو پیلانە لەگۆڕنێ. دووەم: دوای روخاندنی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، رۆژئاوا نەیویست دەوڵەتی گەورە لە ناوچەکە دروستببێ، واتا عوسمانی بگۆڕێتەوە بە عوسمانییەکی تر! لەبەرئەوە نەچوون یەک دەوڵەتی گەورە بۆ هەموو عەرەب دامەزرێنن، ئەوەبوو عەرەبستانیان کرد بە چەند دەوڵەتۆکەیەک بۆ ئەوەی هەمیشە لاوازبن و نەبنە مەترسی بۆ رۆژئاوا. ئێستەش هەر رێگرن لە یەکگرتنی ئەو دەوڵەتۆکانە، واتا یەکێتیی عەرەب. دیارە لە هەمان دیدوبۆچوونەوە، رێگربوون لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی گەورەش. مادەکانی 63،62 ، 64 ی پەیمانی سیڤەریش تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزبوو بۆ ترساندنی تورکیا تا دەست لە ویلایەتی مووسڵ هەڵگرێ. سێیەم بوونی نەوت لە کێڵگەکانی بابەگوڕگوڕ، هۆیەک بوو بۆ ئەوەی ئینگلیز ویلایەتی مووسڵ بخاتە سەر عێراقی عەرەبی. تا لەلایەک عەرەبی عێراق بکا بە پۆلیس بەسەر نەوتەکەی کوردەوە، لەلایەکی تروە بۆ ئەوەی بۆرییە نەوتەکان بەخاکی عەرەبدا بگەیەنێتە سەر دەریای سپیی ناوەڕاست. بەم کارەش کورد دووجار زەرەرمەند بوو، جارێک بەوەی باکوور و باشووری کوردستان لە یەکپارچەوە بوو بە دوو پارچە. جارێکیش بەوەی نەوتەکەی بەتاڵان ببرێ و بە داهاتی ئەو نەوتەش هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازی کورد لەناوببرێ.

خەبات: کورد نەتەوەیەکی دەیان ملیۆنییە، خاکێکی فراوان و بەپیتیشی هەیە، هەمیشە دەوترێت کە وڵاتانی زلهێز ئەو نەتەوانە دەکەن بە خاوەنی وڵاتی خۆیان کە دەتوانن بەجۆرێک لە جۆرەکان قازانجیان لێ بکەن، بۆچی لەکاتێکدا کوردستان سامانیشی زۆرە، وڵاتان لەسەر نکۆڵیکردن لە مافە بنەڕەتییەکانی کورد بەردەوامن؟

کامیل ژیر: جگە لەو وەڵامانەی سەرەوە کە وەڵامن بۆ ئەم پرسیارەش، باوەڕناکەم وڵاتانی زلهێز هیچ نەتەوەیەکیان کردبێ، یا بکەن، بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان! بەڵام ئەشێ کاتێ نەتەوەیەک بەرەو سەربەخۆیی خۆی هەنگاوی کاریگەر بنێ، ئەو زلهێزانە پێشبرکێ بکەن بۆ دەستێوەردان لە دەوڵەتەکەیان بە ئەرێنی یا نەرێنی. بۆ ئەم راستییەش نموونە زۆرە. دوای هەرەسی دەوڵەتی عوسمانی، نەتەوەی تورک بەسەرکردایەتیی مستەفا کەمال، خۆیان دەوڵەتی تورکیای تازەیان بنیاتنا ئینجا زلهێزەکان پشتگیرییان کرد. هەر دوای عوسمانی، نەتەوەی عەرەب لەچەندین لاوە هەوڵی سەربەخۆیی خۆیانداو زلهێزەکان هەر ئەوەندەیان بۆکرا نەیەڵن لەیەک دەوڵەتدا کۆببنەوە، لەجیاتی یەک دەوڵەت، پشتگیریی چەندین دەوڵەتۆکەی عەرەبیان کرد! بەڵام کوردی ژێردەستەی عوسمانی چونکە خۆیان یەکدەنگ و یەک بزاڤ نەبوون بۆ سەربەخۆیی، بەدەستی بەتاڵ مانەوە! نەک هەر ئەوسا، ئەوەتا ئێستاش کە زێڕینترین هەل لەئارادایە بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان، هەندێ لە حزبە کوردییە جڵەوبەدەستەکانی داگیرکەران، کۆسپ ئەخەنە رێگەی سەربەخۆییمانەوە! بێ ئەوەی بزانن بەو هەڵوێستەیان گۆڕ هەڵئەکەنن بۆ خۆیان!

خەبات: لەو ناوچەیەی کە کوردستانی تێدا دابەشکراوە، جگە لە کورد، ئەرمەنەکان و ئازەرییەکان و تورکەکان و عەرەبەکان و فارسەکان و هیند و دەیان نەتەوەی دیکەش ژیان بەسەر دەبەن، بەشێک لەو نەتەوانە "بۆ نموونە ئەرمەنەکان یان ئازەرییەکان"، رەنگە ژمارەیان و رووبەری نیشتمانەکەشیان لە کورد و کوردستان کەمتر و بچووکتر بێت، کەچی ئەوان بە مافە نەتەواییەتییەکانیان گەیشتوون، "ئەرمەنستان و ئازەربایجان" دوو نموونەی باڵان، هۆکار چییە ئەو نەتەوانە وڵاتیان هەیە؟ جیاوازی ئەوان لەگەڵ کورد لەچی دایە؟

کامیل ژیر: گرنگ نییە ژمارەی کوردو رووبەری کوردستان کەم یا زۆربێ، دەوڵەت هەیە لەشارێکی کورد کەمترو بچووکترە. لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەیەکی بۆ بکەین، ئەویش "هوشیاریی نەتەوەییە" کورد بەپێچەوانەی نەتەوەکانی ترەوە، هوشیاریی نەتەوەییەکەی زۆر لاوازە! ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی بە ساویلکەیەتی بمێنێتەوە، هەست بەناتەواوی بکات، زوو هەڵخەڵەتێ، دۆست و دوژمنی خۆی لێک جیانەکاتەوە، پەنا بۆ داگیرکەرەکانی ببات، چاوچنۆکبێ، یەکگرتوونەبێ، هەلی سەربەخۆیی لەدەستبدات و... هتد. ئەگەر نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی نەبێ، بۆچی کورد، عێراقی لەبەریەک هەڵوەشاو دروست ئەکاتەوە! سوپاکەی دائەمەزرێنێتەوە! ئەو هەموو گەندەڵییەی تیا بڵاوئەبێتەوە! شەڕی ناوخۆ ئەکات! 83%ی داهاتی نەوتەکەی ئەدا بە پایەتەختی داگیرکەرەکەی و ئەویش بیدا بە چەک و بیکێشێتەوە بەسەری کوردا! "ئاخر خۆ ئەم نەوتەی کوردستان هەر موڵکی ئەو حیزبانە یا هەر ئەم نەوەیەی ئێستای کورد نییە!" ئا ئەوەیە جیاوازیی کورد لەگەڵ ئەو نەتەوانەدا کە تۆ ئاماژەت بۆ کردن و ئەوانەن بەشێک لەهۆکار بۆ نەبوونی دەوڵەتی کوردی!

خەبات: خەباتی کورد لە هەرچوار پارچەکەی کوردستان، بە شێوەیەکی گشتی خەباتی لێکدابراو بووە، ئەگەر پەیوەندییەکیش هەبووبێت، زیاتر تەشریفاتی بووە، هەرچەندە هەندێکجار دوو پارچەی کوردستان بەیەکەوە خەبات دەکەن، بۆ نموونە لە ئێستادا بەشێک لە هێزەکانی باکوور و رۆژئاوای کوردستان بەیەکەوە خەبات دەکەن، یان لە رابوردوودا رۆژهەڵات و باشووری کوردستان بەیەکەوە خەباتیان کردووە... ئایا خەباتکردنی کورد بەشێوەیەکی یەکگرتوو لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا بۆ ئەم واقیعە گونجاوە؟ ئایا ئەم لێکدابراوییەی خەباتی کورد هۆکار نەبووە بۆ دواکەوتنی بەدیهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی؟

کامیل ژیر: بێگومان خەباتی هەر چوار پارچەکە بەیەکگرتوویی، باشترو ئەنجامدار ترە. هەر بۆ ئەو مەبەستەشە، کۆنگرەی نەتەوەیی، پێویستییەکی هەمیشەییە بۆ کورد. بەڵام ئەوە مەرج نییە بۆ بەدیهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردی، بەبێ ئەوەش ئەکرێ لە هەر پارچەیەکدا سەربەخۆیی رابگەیەنرێ لە کاتی هەلی گونجاودا. بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چەندین رێگا هەیە کە پێشتر من لە سمینارێکدا لە ئەڵمانیا/کۆڵن لە بەرواری 13/8/2011ئاماژەم بۆ رێگاکانی سەربەخۆیی کردووە.

خەبات: بە لە بەرچاو گرتنی واقیعی کوردستان لە کاتی ئێستاداو هەڵسەنگاندنی لایەنە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان لە باشووری کوردستان، راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە ئێستادا تا چەندە لە واقیعەوە نزیکەو وەک زەروورەتێک ئەبێ چاوی لێ بکرێت؟

کامیل ژیر: راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی لە ئێستاو لە هەموو کاتێکدا لە واقیعەوە نزیکەو ئەبێ هەنگاوی کردەیی بۆ بنرێ، بێگومان کاتەکانیش چۆنیەک نین، کات هەیە لەکاتێکی تر باشترە، بۆ هەر هەل و کاتێکیش، ئامادەکاریی خۆی ئەوێ. لە کاتی ئێستادا، لەهەموو رووەکانی سیاسی و سەربازی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، هەلێکی زێڕین و لەبارە بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری کوردستان، بەتایبەتی کە ناوچە داگیرکراوەکان کەوتوونەتەوە دەست پێشمەرگە، عێراقیش بەکردەیی بۆتە سێ پارچە، بەغدا بوودجەو مووچەی لەکوردستان بڕیوە، بەغدا بەدەست سوننەکانەوە گیری خواردووە، حکوومەتەکەی مالیکی لاوازترین حکوومەتی عێراقە لەڕووی کەرەستەیی و واتاییەوە "مادی و مەعنەوی" و سەربازییەوە بەدرێژایی مێژووی عێراق، بازاڕی نەوتی کوردستان لەبرەودایە، سەربەخۆیی بۆتە خواست و ویستی زۆربەی جەماوەری کورد، ئەگەر لایەنێکی سیاسیی کوردیش هەبێ دژی سەربەخۆیی بوەستێتەوە، ئەوا بەراگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەو لایەنە وەک بەفری بەهار لەئاستی خۆی ئەتوێتەوەو تەپڵی نابووتی لێ ئەداو هەر جەماوەرەکەی خۆی لێی هەڵئەگەڕێتەوەو... هتد. بەڵام بەداخەوە لەوەئەچێ ئەم هەلەش وەک هەلەکانی رابردوو لەدەست بچێ! بەم بەڵگانە: راگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەبێ لەکاتی هەلێکی وادا، کتوپڕ (موفاجەئە) یەکبێ و دوانەخرێ، نەک پێشەکی بدرکێنرێ و نەیاران بکەونە خۆیان بۆ لەباربردنی. پێویست بەریکلام و گشتپرسی (ریفراندۆم) ناکات و تەنیا بڕیارێکی پەرلەمانی کوردستانی بەسە، بەتایبەتی لەگشتپرسییەکەی 2005دا 98%دەنگی بۆ سەربەخۆییداو پێویست بەگشتپرسییەکیتر ناکات. پێشەکی چەکی بەرگریی پێویست، بەتایبەتی دژەئاسمانیی، بۆ ئامادەکرابێ. زەخیرەیەکی زۆری هەمەجۆری بۆخراپێ سەرباری هەندێ راسپاردەیتر کەناکرێ لەم نووسینەدا بدرکێنرێ. جا لەبەرئەوەی ئەمانە هیچیان نەکراون، لەباربردنی ئەم هەلەش بەدوور نازانم! وەنەبێ ئەوانەش کاری نەکردەبن، داهاتی نەوتی ئێستەی کوردستان، لەوانە زیاتری تیائەبێ ئەگەر بەفیڕۆ نەدرێ یا بەر شاڵاوی گەندەڵی نەکەوێ وەک ئەوەی 1%ئەو داهاتە بدرێ بەحیزبەکان کە مانگانە ئەکاتە زیاتر لە ملیۆنێ دۆلارو مووچەی پێشمەرگەو فەرمانبەرانیش بەرێکوپێکی نەدرێ! نابێ بووجەی حیزب لەسەر بووجەی گشتیبێ بەتایبەتی ئێستا ئەو حیزبانە پرۆژەی ئابووریی ناڕەوای ئەوەندە زۆریان هەیە کە لێیانئەڕژێ. جگە لەوانە، سەربەخۆیی کوردستان پێویستی بە رەزامەندیی نە ئەمریکاو نە هیچ دەوڵەتێکی دەرەکی و هەرێمی نییە. هیچ دەوڵەتێک (وەلی ئەمر)ی کورد نیە. هیچ دەوڵەتێکیش سەربازی خۆی بەکوشت نادا بۆ رێگری لە باشووری کوردستانێکی سەربەخۆ، مەگەر عێراقی لەرولاوازو ئفلیج و لەبەریەک هەڵوەشاو کە ئەویش دەرەقەت نایەت. بە پێچەوانەوە، زوربەی دەوڵەتان، ئەکەونە پێشبرکێ بۆ دانان بە دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆدا وەک چۆن بینیمان زلهێزەکان سەرەتا دژی دابەشکردنی یۆگۆسلافیاو سۆدانبوون و دوایی بوونە پشتگیریان. ئابلۆقەی ئابووری ترسێکە لە سەری ترسنۆکەکاندا، ئەگینا کاری کردە نییە، ئەو سنوورە دووروردرێژەی باشوور بە دە ملیۆن کەس ناتەنرێ، باشوور پێشتر سەرنەکەوتنی ئەو جۆرە ئابلۆقەیەی دیوە، زیاتر لە بیست ساڵە قەندیل ئابلۆقەی ئابووریی لەسەرەو سەرکەوتنی بەدەسنەهێناوە. ئێستە ئیتر هیچ پاساوێک بۆ وەرگرتنی پۆست لە بەغداد نەماوە. نابێ لەوە بترسین کە هەندێ قوربانی بدەین یا بۆ ماوەیەک تووشی هەندێ تەنگژەی ئابووری ببین! لەمێژووی دێرینی کوردا باپیرانی ئێمە ساڵانێک تەنیا بە بەروو ژیاون! ئەوە تەنیا مرۆڤە ترسنۆک و خاوەن ژێرزەمینە پڕلەدۆلارەکانن کە لە قوربانیدان ئەترسن. ئەگینا ئەوەتا ئێستە پێشمەرگە قارەمانەکان بەسکی برسی و گەرووی تینووەوە ئەجەنگن و قوربانی ئەدەن لەپێناوی

باوەڕناکەم وڵاتانی زلهێز هیچ نەتەوەیەکیان کردبێ، یا بکەن، بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان! بەڵام ئەشێ کاتێ نەتەوەیەک بەرەو سەربەخۆیی خۆی هەنگاوی کاریگەر بنێ، ئەو زلهێزانە پێشبرکێ بکەن بۆ دەستێوەردان لە دەوڵەتەکەیان بە ئەرێنی یا نەرێنی